# جەدەلی گوێڕایەڵکردنی ڕۆشنبیر، گوێڕایەڵکردنی دەسەڵات

( قسەیەک لە پەراوێزی کێشەی نێوان "هاوڵاتی" و "کوردستانی نوێ"دا )

**دیار عەبدول – نەرویج**

*ئەو گێرمەوکێشە و دەمەقاڵێیەی لەم دواییەدا ووتارێکی چەند دێڕیی ئاسۆس هەردی بە دوای خۆیدا هێنای، بە تایبەت بەرپەرچی تیژی ینک لە بەرامبەریدا، دەکرێ دەرخەری زۆر ڕاستیی ژیانی سیاسیی ئێستای ئێمە بێت.*

*بەر لە هەموو شتێک ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە بەڵێ کات زۆر زوو نییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی دوو حیزبی حاکم لە کوردستاندا "بە فریای خۆیان کەون". هەمان شت ئەو ڕاستییەشی درکاند کە نەخێر کارێکی لەو چەشنە لە ئەجێندای دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی و ئیداریی ئەواندا نییە و ئەوان دەیانەوێ مۆدێلی دەسەڵاتدارێتیی دوانزە ساڵی ڕابردوویان هەروا درێژە پێ بدەن.*

*ئەو هەڵمەتە ڕێکخراوەی وەڵامدانەوەیە کە لە "کوردستانی نوێ"وە بەرامبەر بە کورتە ووتارێک جاڕ درا زیاتر هەڵمەتی کپ کردنی دەنگێکی نارازیی و دڕ دان بە هەوڵی لێپرسینەوەی هاوڵاتییەک بوو لە ئاکارەکانی دەسەڵاتداران، تا ئەوەی داکۆکی لەخۆکردنێک بێت بە بەڵگەوە.*

*ئێوە سەیرکەن، ووتارێکی پڕ لە حەقایق و ڕەخنەکردنی سودی ناچیزە (سوء استفادە) لە دەسەڵاتدارێتیی و سەرزەنشت کردنی تاڵان و بڕۆیی داهاتەکان و گەندەڵییەکی ئیداریی کەم وێنە و ئیدانە کردنی شەڕێکی کاولکارانەی بەلاش و بێ حیساب کردنی خەلک تا ئاستی هیچ، بە ڕیزە ووتارێکی پڕ لە تاوانبار کردن بە پیلانگێڕیی دژ بە حکومەتی خۆمانە و داوای "نەکولاندنەوەی برینە کۆنەکان" و داوای سکوت کردن بۆ ڕەچاو کردنی ناسکیی بارودۆخەکە و داوای لە بەرچاوگرتنی مێژووی خەبات و داوای حیساب بۆڕاگرتنی دەسەڵات وەک هەموو شتێک، وەڵام دەدرێتەوە. بەو مانایە، زمانی حاڵی ئەو هەڵمەتە ئەوە نەبوو کە بلێ: "منیش حەقی خۆمە بە نووسین وەڵامت بدەمەوە"، بەڵکو : "تۆ حەقی ئەوەت نییە لەسەرم بنووسی".*

*ئەمە هەر مەنتیقی ئێستای دەسەڵاتی ئەوان نییە، بەڵکو دوانزە ساڵە ئەوان بەم مەنتیقە مامەڵەی هەموو ڕەخنەیەکیان کردووە ڕووبەڕوویان بووبێتەوە. ئەوان تا ئەو شوێنەی بتوانن ڕەخنەکانی شەقامی کوردیی پشتگوێ دەخەن و گوێیان لێ ناگرن. هەر کاتێکیش ئەو تەجاهول کردنە دادی نەدابێت، ئەوا بۆ داخستنی دەمێکی ڕەخنەگر دەستیان لە ئیجرائاتی لە چەشنی زیندانی کردن و داخستنی ڕۆژنامە، تا شار بەدەر کردنی تەواوی حیزبێکیش نەپاراستووە.*

*ئاکاری لەم چەشنە بۆ ئێمە دەبێ زەنگێکی ئاگادارکەرەوە بێت لە خەتەری ئەوەی کە دەسەڵاتداران لە بیری ئیحتیکاری دەسەڵات و فەرز کردنی حوکمێکی موتڵەقدان. کارێکی واش بۆ ئێمە نابێ هیچ بیانوویەکی لە چەشنی "مێژووی خەبات و قوربانیدان" یان "شەرعییەت وەرگرتن لە هەڵبژاردنەکەی یانزە ساڵ بەر لە ئێستاوە!" پاساوی بدات.*

*جێگەی خۆیەتی لێرەدا قسەیەکیش لەسەر ڕاستیی مێژووی خەبات و "ئینجازاتەکانی" ئەم دوو حیزبە بکەین، کە زۆرجار وەک منەتێک و وەک پاکانەیەک بۆ حەقیانەتی ئیحتیکاری دەسەڵات دەهێنرێتە گۆڕ.*

***به شێوەیەکی گشتیی بە هەڵەدا بردنێک و چەواشەکارییەک هەیە لە باسی ئینجازات و دەسکەوتی پارتەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد بۆ خەڵکی کوردستان، بە تایبەت لە باسی نەسیبی ئەواندا لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی 1991 و قۆناغی دوانزە ساڵی دوای ئەو ڕاپەڕینە.***

***ڕاستییەکەی دەرباز بوونی ناوچەی کوردستان لەدەست حوکمی ڕەشی حکومەتی بەسەرچووی بەغداد لە ئاکامی مێژوویەکی دیاریکراوی خەباتی ئەو حیزبانە نەبوو. هەتا بە مانایەک دەسکەوتی ڕاپەڕینیش نەبوو. ئەو کاتەی دابڕینی ئەو ناوچەیە بڕیاری لەسەر درا، سەرکردەی وورد و درشتی حیزبە کوردییەکان، بۆ گێڕانەوەی خەڵکی کورد بۆ ژێر دەستی حکومەتی مەرکەزیی "بەسەر رووبارێکی خوێندا" پەڕیبوونەوە و چووبونە حزووری سەددامی "موهەندیسی حوکمی زاتیی".***

***ڕاستییەکی مێژوویی ئەوەیە کە فاکتەری بنەڕەتیی دابڕینی ناوچەی کوردستان لە دەسەڵاتی مەرکەزیی و دیاری کردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەو خەڵکەی کە سەرکوت کران و ئاوارە ببوون، فاکتەری بەزەیی و فاکتەری ستراتیژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا. لێرەدا سەیری گەورە ئەوە دەبێ بووترێ ئاخر خەباتی ئێمە بوو بووە هۆی ئەوەی ئەو وەزعە بخوڵقێ و بە دوای ئەوەدا تەعاتوفی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی جوڵا و بڕیار لەسەر ناوچەی ئارام درا. . چونکە ئەوە دوژمنە کە بە کارێکت دەبات بتکات بە جێگەی بەزەیی و دڵ پێ سووتان نەک تۆ. زەلیل بوون و لێقەومانیش وەک "بەرهەمی خەبات" چاو لێ ناکرێ.***

***ئەوەش بڵێین کە لە حەقیقەتدا ئەو ناوچەیە کوردستانێکی "ئازادکراو" نییە، بەڵکو ناوچەی سەرووی هێڵی پانیی (36)ە کە بۆ "ڕەخساندنی حەسانەوە"ی کوردەکان لە دەست سەرکوتی حکومەتی ناوەندیی بڕ کراوە. ئەڵێم کوردستانێکی ئازادکراو نییە چونکە دیاری کردنی ئەو ناوچەیە لەسەر ئەساسی ئەتڵەس و جوگرافیا کراوە، نەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی. وەهەر لە لەحزەی یەکەمی دروست کردنیشیەوە وا بڕیار دراوە کە پەناگایەکی کاتیی بێت بۆ کوردەکان، نەک کیانێکی سەربەخۆی هەمیشەیی و دانپیانراو. کاتیی، ئیتر خوای دەکرد دوانزە ساڵ و بگرە دوانزە ساڵ زیاتریش درێژەی دەکێشا.***

***بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە دابڕانی ئەو ناوچەیە هەنگاوێکی گەورە و فرسەتێکی زێڕینی ڕێگای "کوردستانێکی ئازاد" نییە. ڕاستییەکەی خۆی قۆناغی دوای ئەو دابڕانە قۆناغی ڕاستەقینەی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی کوردستانێکی ئازاد بوو. لێرەشەوە ئەو قۆناغە بۆ حیزبە کوردییەکان دەبوو قۆناغی کردنی خەبات بێت، نەک "خواردنی بەرەکەی!". لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوان لەبەرامبەر ئەم فرسەتە مێژووییەدا بە مەسئولیەتەوە کاریان کردووە؟***

***دەڵێم "حیزبە کوردییەکان" چونکە وەسفی "ئەحزابی بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد" بە وەسفێکی دەقیق نازانم بۆ ئەوان. ئەو حیزبانە دەمێکە لەوە کەوتوون کە حیزبی ڕزگاریی نەتەوەییی بن. حیزبی نەتەوەیی لە هەر ئان وساتێکدا و لەئاست هەر مەسەلەیەکدا دەبێتە چاوساغی میللەتەکەی و پڕۆژە و ستراتیژییەتی دیاریکراوی دەبێت بۆ بەرژەوەندیی میللی نەتەوەکەی. حیزبی نەتەوەیی هەردەم ئێشکگر دەبێت لەسەر دارشتنەوەی پڕۆژە و بەرنامەهایەک بۆ گەشەپێدانی ئابووری و بووژاندنەوەی باری گوزەرانی خەڵک. حیزبی نەتەوەیی خاوەن عەزمێکی سیاسیی دەبێت و لە هەر مەسەلەیەکی پەیوەندداری بە نەتەوەکەیەوە هەڵوێستی نەتەوەیی کۆنکرێتی خۆی دەبێ. حیزبی نەتەوەیی کاردەکات بۆ دروست کردن و توند و تۆڵکردنی هەستی هاونەتەوەیی و ئینتیما لەناو تاکەکانی نەتەوەیەکدا. هەرچی دوو حیزبی دەسەڵاتدارە لە کوردستانی ئێمەدا بە ئاستەمیش عەزمی سیاسییان تیا نییە و دیلی دەست سپێتییەکی عەجیبن. ساڵانێکی درێژە جورئەتی نواندنی هەڵوێستێکی نەتەوەییان لە خۆیاندا بەدیی نەکردووە و تەنها شەپۆلی ڕووداوەکان لەگەڵ خۆیدا ڕایماڵیون. ئەگەر ڕۆژێکیش بارزانیی جورئەتی هەڵوێست نواندنێکی کرد لە ئاست هەڕەشەکانی تورکیا بۆ داگیر کردنی کوردستان، ئەوا بەر***

*لەوەی هەزاران دەست خۆشیی و بەڵێنی پشتیوانیی و پەیامی دلگەرمیی لاوانی کوردی پێ بگات بۆ خۆبەختکردن، ئەو دە جار تۆبەی نەسووحی کردبوو.*

*من نازانم باسی چی سەروەرییەک و چی دەستکەوتێکی ئەوان ئەکرێت بۆ خەلکی کورد لە دوانزە ساڵی حوکمیاندا. عەقڵییەتی باو لە کۆمەلگا سەرکوتکراوەکاندا لەمەڕ دەسەلاتداریێتی ئیداری یەوە، مافی قۆرخ کردنی هەموو سامان و داهاتی وڵات و مافی بە تالاّن بردن و بە با کردن و بە کورتی مافی تەسەڕوفی موتڵەقە پێیەوە لە لایەن خاوەن دەسەلاتەوە. بۆیە لای ئێمە کردنەوەی پارکێک، قیرتاو کردنی گەڕەکێک، تەنانەت سەرفکردنی مووچە لە وەختی خۆیدا بە دەسکەوتی گەورە و وەک بەخشندەیی دەسەلات جارِ ئەدرێت.*

*ئەوپەڕی مەسخەرەیە بە عەقڵی هاوڵاتیی کورد کاتێک دێن بۆ دەرخستن و بۆ سەلماندنی "باشیی" حوکمڕانیی و ئیدارەی چەند ساڵی ڕابردوویان، لەگەڵ سەردەمی حوکمی حکومەتی بەعسدا بەراوردی دەکەن. من پێم وایە مێژووی دوانزە ساڵی ڕابردووی دەسەلاتداریێتیی ئەو دوو حیزبە نەک هەر بۆ ئەوە ناشێ شانازیی پێوە بکرێ، بەلکو لەڕوودامان دەخوازێ لە ئاست ناکام کەوتنەوەی خەونی گەورەی ئەو هەموو کوردانەی ساڵانێکی درێژی تەمەنیان بە خەونی دەسەلاتداریێتییەکی کوردییەوە ژیابوون. لە ڕووداماان نەک داوای لێبوردنێک لە چەشنی ئەوەی بارزانیی لەبەرامبەر شەڕی ناوخۆدا کردی، کە هەر لەوێدا سەحبی کردەوە بەوەی ئیددیعای بەرائەتی موتڵەقی خۆی و تاڵەبانی هێنایە پێش، بێ ئەوەی بلّێ ئەی کێ تاوانبارە و ئایا شەڕی ناوخۆ، ئەو نەزیفە نەوەستاوو کوشندەیەی لەسەر دەستی ئەم دوو گروپە کرایە جەستەی کۆمەلگای کوردی،کە کوشتنی هەزاران لاوو سەرگەردان کردن و ئاوارە بوونی سەدان خێزان و بە با کردنی سەرمایەیەکی بێ شومار لە داهات و سامانی نەتەوەیی و چاندنی تۆوی کینەیەکی بێ مانا لە نێو ڕیزەکانی میللەتدا و چەنان نەهامەتیی تری بە دوای خۆیدا هێنا، لەسەر چی مەبدەئێکی ئینسانیی یان نەتەوەیی بوو، جگە لە پێک نەهاتن لەسەر دابەشکردنی سامان و داهاتی وڵات. لە هەمووشی مەسخەرەتر ئێستا هەواڵەکانی پێک هاتنەوەیان و یەکخستنی ئیدارەکانیان وەک مژدە و وەک دەستکەوتی گەورەی نەتەوەیی بە منەتێکی زۆرەوە بە خەلک دەفرۆشنەوە.*

*بێ دەنگە کردن لەم مێژووانە بەناوی "هەلّنەدانەوەی برینەکۆنەکان"ەوە ئاکامی خەتەرناکی بۆ ئێمە دەبێت. هۆشداریی دان بە هەلّنەدانەوەی برینە کۆنەکان مانای ماناوەی زەمینەی شەڕی ناوخۆیە لە نێوانماندا. بە شێوەیەکیش هەڕەشەیەکە بەوەی کە ئەگەر نەقلەم بکەی شەڕ ئەسازێنمەوە. ئەم جۆرە قسانە زیاتر هەوڵی جلّەو کردنی ڕەخنەگرانیان و گوێڕایەلکردنیانە، تا ئەوەی قسەیەک بێت لەبەر "بەرژەوەندیی میللی".*

*ئێمە ئەبێ بزانین پوکانەوەی زەمینەی شەڕ و نەهێشتنی گەندەڵیی ئێداریی و ڕێگەگرتن لە بەرتەسک کردنەوەی بازنەی ئازادییەکانمان بە قسە لێ کردنیان مەیسەر دەبێت نەک بێ دەنگە لێ کردن. ئێمە دەبێ بە ئاگا بین و کارێکی وا بکەینە نەهجمان. ئەوەی جێگەی دلّخۆشییە سەرهەلّدانی ڕیزێک ڕۆشنبیری کوردە کە بەرپرسیارێتییەکیان لەبەرامبەر ئازادیی کۆمەلگا و مافەکانی خەلک لە خۆیان پیشان داوە و گەر بەردەوام بن ڕۆژێک دەسەلات فێری گوێگرتن دەکەن.*

***dyarebdul@yahoo.com***

***03.07.03***